

## پەنجەمۆر بۆ گشت کۆمپیوتەرێک

سیستەمی ئەمنیەتی لە کۆمپیوتەردا گرنگی زۆری هەیە، دانانی کۆدی نهێنی یەکێکە لەو هەنگاوانەی بۆ پاراستنی ئەمنیەتی کۆمپیوتەر و داتاکان دەگیرێتەبەر، بەڵام بەتەنیا پاسوۆرد گرنگ نییە، بەڵکو سیستەمی پەنجەمۆر واتە کۆمپیوتەر بە پەنجەمۆری خاوەنەکەی بێتەوە لە هەمووی گرنگترە. هەرچەندە هەندێك لە لاپتۆپەکان تەکنەلۆژی ناسینی پەنجەمۆری خاوەنەکەیان هەیە. لەمەولا گشت کۆمپیوتەرێك دەکرێت پەنجەمۆری بۆ دابندرێت..

ئامێرێکی بچووك بەناوی Turnkey USB Fingerprint Solution کە لە شوێنی USBی دەخرێت بەرهەم هاتووە کە کاری پەنجەمۆر ئەنجام دەدات، واتە هەتا بەکارهێنەری کۆمپیوتەر نیازی نەبێت کۆمپیوتەرەکە بکاتەوە بەکەس ناکرێتەوە جگە لە پەنجەمۆری خۆی..

## دەستبەندێک بۆ وازهێنان لە جگەرە

ئەوانەی جگەرە کێشن بەردەوام گلەییانە لە جگەرە کەچی ئیرادەیان نییە دەستی لێهەڵگرن، خووی خراپ هەر جگەرەکێشان نییە، بەڵکو تەمبەڵی و جوڵە نەکردن، دەست بڵاوی و ئەبلەخەرجی و زۆر خووی دیکەش..

بڕیار وایە دنیای دیجیتالی چارەیەکیش بۆ ئەوە بدۆزێتەوە، هەرچەندە ئەستەمە تێیدا سەرکەوتوو بێت، دەستبەندێك بەناوی pavlok بەرهەم هاتووە کە بە رای کۆمپانیای بەرهەمهێنەر دەتوانێت خووە نائاساییەکانی وەك زۆر خواردن، جگەرە کێشان، نووستنی زۆر، دەستبڵاوی واتە پارە بە هەدەر دان کەم بکاتەوە..دەسبتەندەکە پەیوەندی هەیە بە کارتی بانکی بەکارهێنەرەکەی و هەرکە هەستی پێکرد زیاد لە پێویست پارەی لێ دەچێتە دەر دەست دەکات بە ناردنی تەزووی کارەبایی و ئەوە بەو مانایە دێت کە ئاگادار بە کارتەکەت زۆری تێدا نەماوە. هەرچەندە ئەوە لە وڵاتی ئێمەدا کار ناکات چونکە نە سیستەمی بانکی هەیە و نە گیرفانیش پارەی تێدایە. بەڵام بۆ ئەوانەی دەیانەوێ کێشیان دابەزێنن رەنگە بە سوود بێت، چونکە لەکاتی زۆر خواردندا ئاگاداریان دەکاتەوە کە بەسە دەست هەڵگرە..









# له گوگلدا فایلەکانی PDF بکەنەوە بە Word

له پێشوودا زۆر دژوار بوو که فایلێکی PDF جارێکی دیکه بکرێتەوه به Word و سوودی لێوەربگیرێت. بەڵام بەهۆی گوگلەوه ئەو کاره به ئاسانی ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی که بتوانی فایلێکی PDF جارێکی دیکه بکەیەوه به Word دەبێت له پێشدا فایلەکەت له گوگل درایڤ دانابێ، دوای ئەوه بچۆ لەسەر ئەکاونتی خۆت له گوگل درایڤ کلیکی راست لەسەر فایلەکه بکه و ئەوکات هەڵبژاردەی open with بیکەوه، فایلەکه دەبێتەوه دەق. بەڵام بۆ ئاگاداری فایله PDFەکه دەبێت به فۆنتی یونی کۆد نووسرابێ. هەروەها وێنەشی تێدا نەبێت..









# مۆبایلیش جێگرەوەی هەیه

کەم کەس هەیه خاوەنی مۆبایلی خۆی نەبێت، مۆبایل بۆته یەکێك له گرنگترین پێداویستیەکانی رۆژانه، هەندێك کەس ئەوەنده خووی به مۆبایلەوه دەگرن تەنانەت لەکاتی زۆر هەستیاریشدا به مۆبایلەوه خەریکن.

هەرچەنده له زۆر کاتدا ناتوانی مۆبایل وەك پێویست بەکار بینی، بۆ نموونه لەکاتی وەرزش کردندا، یان لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلدا.

ئامێرێکی بچووك بەرهەم هاتووه بەناوی ٠٦ دەکرێت ببێته شوێنگرەوەیەکی باشی مۆبایل، چونکه بچووکه دەکرێت له سوکانی ئۆتۆمبیل بخرێت، له بەرك بخرێت، یان دەکرێت وەك کاتژمێر له دەست بکرێت. شاشەیەکی لەمسی هەیه دەتوانی بەهۆیەوه فەرمان بکەی بۆ خوێندنەوەی پەیامەکان، گۆڕینی مۆسیقا له مۆبایلدا، خۆی لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و دەبێته یارمەتیدەری مۆبایل و ئەو ئەرکانەی مۆبایل ئەنجام دەدات.



# لەمەولا جلەکانیشتان قەد مەکەن

قەدکردن و ڕێکخستن و دانانی جلوبەرگ بۆ زۆر کەس ئەرکێکی دژوارە، بەتایبەتی پیاوان کە هەمیشە پانتۆریان لە جێگایەك کەوتووە و کراس لە جێگایە، ئەوە خانمی ماڵەوەیە هەر پرت و بۆڵەیەتی لە چنگ پیاو منداڵ و ئەرکی قەد کردن و ڕێکخستنی جلەکان دەکەوێتەسەر شانی ئەوان. بەڵام ئەوانیش لەمەولا دەحەسێنەوە، چونکە خاتوو FoldiMate کە ئامێرێکی دیجیتالییە لە ڕاستیدا ڕۆبۆتێکە بۆخۆی، گشت جل و بەرگەکان قەد دەکات و ڕێکخیان دەخات و پاشان بۆنێکی خۆشیان لێدەدات و دواتر بە ڕێکی ڕیزبەندیان دەکات.

ئامێرەکە هەر لە وێنەکەرا دیارە وەك ئامێری فۆتۆکۆپی دەچێت، بۆ قەد کردنی جلەکان ئەوەندە بەسە کە جلەکە جا هەرچییەك بێت بە گیرەیەك کە بە ئامێرەکەوەیە هەڵواسی و فەرمانی بدەی کە چ جۆرە جلێکە. ئیدی دەست دەکات بە قەد کردن.. ئای مرۆڤ بەراستی تەمبەڵ بووە...




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت کێشەیەکم لە پرۆگرامەکانی ئۆفیس بەتایبەتی وۆرددا بۆ هاتۆتە پێش هیچ کام لە دوگمەکانی فەرمان وەك: (کۆپی، پێست، هەڵبژاردن...تاد) کار ناکەن ڕێگا چارە چییە؟**

خوێنەری بەڕێز سەرەتا بچۆ بۆ کۆنترۆڵ پەنەڵ و ئایکۆنی (language) بدۆزەوە. پاشان فەرمانی (Advanced settings) لێبدە و دواتر هێمای ڕاست لەسەر (Let me set a different input method for each app window) دابنێ ئیدی کێشە چارەسەر دەبێت..





## سیستەمی كۆرتانا بۆ بازوبەندی مایكرۆسۆفت

مەچەكبەندی مایكرۆسۆفت واتە band٢ كە جگە لەوەی وەڵامی پێوەندییەكان دەداتەوە، زانیاری سەبارەت جوڵە وەرزشی بەكارهێنەرەكەشی وەك راكردن، سووتاندنی وزە، لێدانی دڵ.. لەخۆیدا تۆمار دەكات. ئێستا سیستەمی كۆرتانا كە سیستەمی مایكرۆسۆفتە بۆ ویندۆزی كۆمپیوتەر بەهۆی ئەو سیستەمەوە بەكارهێنەر دەتوانیت تەنیا بە دەنگ فەرمان بكات وەك، كردنەوەی پرۆگرامەكان، كوژاندنەوەی كۆمپیوتەر. كردنەوەی سایتەكان...تاد. ئەو سیستەمە ئێستا بۆ مەچەكبەندەكەشی زیاد كراوە. بەو واتایە دەتوانی لێی بپرسی ئێستا چەند كیلۆمەتر رۆیشتووم، یان لێدانی دڵم لەوكاتەدا چەندە..

## رۆبۆتەكانیش هەست بە ئازار و ژان دەكەن

ئەوی لە فیلمە خەیاڵییە زانستییەكان دا دەیبینین پێدەچێت لە جیهانی واقعیشدا بێتە دی. لەم چەند ساڵەدا ئەو رۆبۆتانەی بەرهەم هاتوون دەكرێت زۆر كاری گرنگیان پێ بسپێری. بەڵام رۆبۆت، رۆبۆتە و مرۆڤیش مرۆڤ. رۆبۆت رەنگە قەت شوێنی مرۆڤ نەگرێتەوە، چونكە هەستی نییە، دەركی نییە، لە خەم و شادی تێناگات.. بەڵام زاناكان هەوڵ دەدەن رۆبۆتەكانی داهاتوو ئەوەندە لە مرۆڤ نزیك بن تەنانەت وەك مرۆڤ بیربكەنەوە و هەستیان هەبێت..

زانكۆی هانۆڤەری ئەلمانیا دەستەیەكی داناوە بۆ ئەوەی كە بتوانن رۆبۆتێك بەرهەم بێنن كە وەك مرۆڤ هەستی هەبێت. دەستەكە لەكارەكەیاندا زۆر چوونەتە پێش و توانیویانە رۆبۆتێك بەرهەم بێنن كە وەك مرۆڤ هەست بە ژان و ئازار بكات، ئەو رۆبۆتە دەتوانێت گیانی زۆر كەس لە مەترسی رزگار بكات، بۆ نموونە ئەوكاتەی زەوی لەرزە دێت، یان ئەوكاتەی بەكارهێنەرەكەی تووشی كارەساتێك دەبێت..



## سایتێک لەبارەی ئاراستەی با ناوچەکەت

سایتی كەشوهەواناسی گەلێكن، ئەو سایتانە بوونەتە ئەپلكەیشن و لەسەر مۆبایل و كۆمپیوتەریشدا هەن، بەڵام كەم سایت هەیە تەنیا تایبەت بەكرابێ بەبەشێك لە كەش و هەوا، بۆ نموونە سایتی .. كە تایبەتە بە نیشاندانی (با)وە. لەم سایتەدا زانیاری ورد لەبارەی هاتنی باكانەوە پێدەڵێ، لە ماوەی هەر سێ كاتژمێردا نوێ دەبێتەوە. كاتێك سایتەكە دەگەیەوە نەخشەی زەوی نیشان دەدات ئەو شوێنەی كە مەبەستە دیاری بكە و ئەوكات بۆ دەردەكەوێ چ جۆرە بایەك لەو ناوچەیە هەیە. وەك بای (زریان، شەماڵ. شنە)....